# هونەرمەند قادر ئەسعەد خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ ئامادە دەکات



هونەرمەندی دەنگخۆش قادر ئەسعەد لە پەیوەندییەکی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان رایگەیاند کەوا خۆی بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەری ئامادە دەکات لەوانە بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ خۆی و سروودێک بۆ کەرکوک و سازکردنی چەند کۆنسێرت و ئاهەنگێک بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە ، قادر ئەسعەد زیاتر گوتی :من لە ئامادەکرن ودابەشکردنی ئاوازەکانم تەواوو بوومە، کە ئەرکەکانی لە لایەن هونەرمەندی بە توانا کاک بژار دیلان بۆ ئەنجام دراوە ، هەروەها هونەرمەند کاک ڕۆستەم کە لە بەرهەمی( ببورە) هاوکارم بوو لە دابەش کردنی موزیک ئەمجارەش هەر بەڕێزیان کاری دابەشکردنی ئاوازەکانی ئەنجام داوە ، ئێستا هەر بە خۆشحاڵییەوە پێتان ڕادەگەێنم لەم کارانەم تەواو بوومە لە ماوەیەکی تردا بۆ ئەنجامدانی تۆمارکردنی موزیکەکانم بەرەو وڵاتی تورکیا بە ڕێدەکەوم ، گەر لە وێش تەواو بووم کاری دەنگ خستنەسەریش لە وڵاتی سوێد ئەنجام دەدەم.

بەرهەمەکەم لە ١١ تراک پێکهاتووە کە بە هەردوو شێوەزاری شیرینی کوردی کرمانجی و سۆرانییە و،هیوام دەخواست شێوەزاری تریشی تێدا بێت، گۆرانییەکانم زۆربەیان باس لە دەردی عیشق دەکەن کە تا ڕادەیەک توانیومە گوێ لە ئەندێشەکانی عاشقانمان بگرم و کێشەکانیان لەگەڵ ئاوازەکانم ئاوێتە بکەم و بتوانم لە هەندیک گۆرانییەکانم بیان گرینم و لە هەندێکیان دڵنەوایان بدەمەوە لە هەندێکیشیان وەکو کورد گووتەنی بیانهێنمەوە سەر سفر و بێ ئومێد بن ، **هونەرمەند قادر ئەسعەد سەبارەت بە تێکستەکان گوتی :** زۆرم هەوڵداوە کە تێکستەکان باس لە گیروگرفتی ڕۆژانەی عاشقانی وڵاتەکەم بکات کە دەتوانم بڵێم هەندیکیان چیرۆک وبەسەرهاتی ڕاستەقینەن لە دەمی خۆیان گوێم لێیان بووە.

قادر ئەسعەد هەروەها گوتی:

هۆنراوەیەکم کردۆتە گۆرانی بە شێوەیەکی جیاواز لە سروود بۆ کەرکووکی ڕوح و هەناسە، هیوادارم توانیبێتم کارێکی باش بکەم، هەروەها ڕێتمی خێراش مەبەستم گۆرانی شادیش لە بەرهەمەکەمدا بەشێکیان بەرکەووتوە ، نزیکەی ٢٠ هونەرمەندی موزیک ژەن بەشداری لەم بەرهەمەم دەکەن ،کاری میکس و ماستێرینگی لە ولاتی سوێد بۆ ئەنجام دەدرێت، میکس لەلایەن هونەرمەندی بە توانا کاک بژار دیلان بۆ دەکرێ ماستێرینگ لە لایەن ستۆدیۆێکی سویدی ، هۆنراوەکان لەلایەن کاک نازم دڵبەند و مامۆستا مەنگوڕی، کاک فەهد شوانی ، کاکە هوشیار و، هۆنراوەیەکی فۆلکلۆرو هەروەها چەند هۆنراوەیەکی خۆمە.

لە کۆتاییشدا هونەرمەند قادر ئەسعەد گوتی : تاکو ئێستا لە گەڵ هیچ کۆمپانیایەک گرێبەستم نەکردووە بۆ ئەرکی بە چا گەیاند و بڵاوکردنەوە ،زۆر پێشنیارم بۆ هاتووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچیانم ەسند نەکردووە ، دەبێ ئەوەش بڵێم کە نازانم ئەم بەرهەمەم کەی بڵاو دەبێتەوە ،بە هەر حاڵ ئەم ساڵ بڵاودەبێتەوە و لە دەرفەتێکی نزیک بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز سێ ئاهەنگم بە دەستەوەیە لە وڵاتی سوێد شاری لوند لە وڵاتی ئیرلاندا شاری دبلن ، هەروەها لە شاری ئۆتاوەی کەنەدا.

# بڕۆک شێلدز ئامادەیە ئامۆژگاری برێتنی بکات



خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی بڕۆک شێلدز ئامادەیی خۆی دربڕی کە یارمەتی کچە گۆرانیبێژ برێتنی سبێرز بدات و، گوتیشی برێتنی دەتوانێت بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بێت ئەمەش لەپێناو منداڵەکانی هەرچەندە باری دەروونی زۆر خراپە و رۆژ دوای رۆژ خراتریش دەبێت.

شێلدزی تەمەن ٤١ ساڵ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ بەرنامەی ( ئێکس هۆلیۆد ) هیوای خواست کە برێتنی بەرەو باشتر بچێت بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا کە زۆر پێویستی بەپشتگیری و منداڵەکانی هەیە، سەبارەت بە تووشبوونی برێتنی بە خەمۆکی دوای منداڵ بوون ، شێلدز گوتی: منیش تووشی ئەم حاڵەتە بووم و پێویستە برێتنی ئەمە قبوڵ بکات ، چونکە ئەمە نەخۆشییەکی باوە و دەتوانێت بە ئاسانی لێی دەرباز بێت ، شێلدز کە دایکی دوو منداڵ و کتێبێکی بە ناوی ( بارانیش باری ) بڵاوکردۆتەوە و تێیدا باسی قۆناغەکانی تووشبوونی بەم نەخۆشییە دەکات و چۆن لە کۆتاییدا توانیی بەسەریدا زاڵ بێت، گوتی: ئەگەر برێتنی کتێبەکەم بخوێنێتەوە هیوادارم ئەمە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت لەم حاڵەتەی ئێستایدا رزگاری بێت و ئەگەر حەز بکات قسە لەگەڵ کەسێک بکات یان پێویستی بە ئامۆژگاری هەبێت ئەوا من ئامادەم هەرچییەکی بوێت بۆی بکەم

**شێلدز لە کۆتایی دیمانەکەیدا گوتی :** من هەست بە ئێش و ئازارەکانی برێتنی دەکەم ، چونکە لەدوای تەمەنی هەرزەکاریدا وەک کەسێکی ئاسایی لێهاتووە و ئەو فشارە زۆرەی کە لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە لەسەر برێیتنی هەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە گەورەکردنی گرفتەکانی ، چونکە دەزگاکانی راگەیاندن بەردەوام چاودێری دەکەن گشت رووداوە گەورە و بچووکەکانی ژیانی تایبەتی خۆیشی دەگوازنەوە و بڵاوی دەکەنەوە.